# نیشتیمانێک لەشوشە

نیگارنادر

من پایتەختی ئەو پیاوە
داگیرکراوانە بووم
لە سەر داگیر کردنم دەجەنگین
نا من ئالأی ئەو پیاوە
بێ ئالأیانە بووم
لە سەر هەڵدان و .. لە سەر داگرتنم
شەهید دەبوون

زۆرجاران کولکی بزن و مامز و
رێوی و د ێلّ و گورگەکانم
لە خۆم هەڵدەقەند
نینۆکەکانم دەبڕین و
رەنگی سۆرم تێ هەڵدەسوو
دەمێ وابوو گوێچکە درێژەکانم دەبڕینەوە
قۆچەکانم هەڵدەقەندو
مووەکانم رێك شە دەکردن
گوڵی بریقەدارم تێهەڵدەچەقاند
بەنێو مەجلیسی خاتوون و ئاغاژن و

ژنە ماقولەکان دەکەوتم
لە پڕ کلك و گوێچکەم لەبنیڕا هەڵدەقەند
پۆشتەترین بەرگم دەپۆشی

لە پڕ لە زرینگە زرینگی خۆم
ڕادەچڵەکیم
دەمدیت پەرداخێکی
کریستاڵی  بریسکە دارم
لە نێو پەنجەکانی بازرگانان دا
پڕ پڕم لە شەراب
لە سەر لێوی سیاسیەکان دا
پڕ  پڕم لە خوێن

چ ڕەنگ هەیە لە خۆم هەڵدەسوو
جغارەیەکم دادەگیرساندو
دونیام دەکێشا
لە پڕ گەرم  گەرم
لە چاوی ژنێك دا دەخزیم
بە سەر ڕوومەتەکانی دا
بە نێو دەزوولە دەزوولەی
هەناوی دا ڕێم دەکرد
گەلێك دەمان
هێندیان گوڵ تێدا چاندبووم

ووڵاتم بە سەر گوڵان دەگێرا
کەس نەبوو لە گوڵەکانی منی بەسەرەوە نەبێ
لە گوڵەکانی منی لە یەخە نەدا بێ

بەیانیان زوو زوو دەپشکوتم
هەموو ژنانی دونیا دەگەڵم دەپشکوتن
لە سەرتاسەری ووڵات دەپشکوتین

کە کپ دەبووم هەموو پەیکەرەکانی
خۆمم دەشکاندن
پەیکەرە برۆنزەکان ، پەیکەرە بەردەکان ،
پەیکەرە شووشەکان
لەت و پەتکەکانیانم تێکەڵ دەکردن
یا هەموو نیگارەکانی خۆمم دەدڕاندن
ڕەنگم بەسەر هەمواندا دەپژاند
رەنگەکانم لەسەر یەکدی تێکەڵ دەکردن تا
جێ چرنوك و برین و قەپەکانی لموزم
داپۆشم و

ئێواران پڕ پڕ دەبووم
لە کۆترو تێ یاندا دەگماندم
کوند لەسەر پێیەکانم هەڵدەنیشتن
قازو قولینگ لە زۆنگاوەکانمدا مەلەیان دەکردو

خۆیان لە ئاوەکانم هەڵدەکێشا

زۆر جاران پەیکەرێکی رووتیان لێ دادەتاشیم
لەسەر مێزی گەورەترین بریار
دایاندەنام
یا دەسك دەسك دەیانچنیم
لە سەر مەزاری شەهیدێکیان دادەنام
چرایەکانم یەکە یەکە خەفە دەکردن و
سەرخەوێکم دەشکاند
کە وەخۆ دەهاتمەوە
گەورەیان دەکردم
جۆرەها کەراسی شۆرەوە بوەو
بەرموری درێژ درێژو
بەرگی قەبەو ئەستوریان لە بەر دەکردم
چی دەسماڵی پۆپەشمینەو
پوڵەکە دۆزیان هەبوو
تێیان وەردەگرتم
هەر خۆم وە بەر شەوقی تۆ دەکردو
منداڵیەتیم چۆڕ چۆڕ لێ هەڵدەڕژا

نا .. من ئەو پایتەختە وێرانەی
هەر پیاوەو ئالأیەکی لەسەر هەڵدابووم
لە شەکانەوەشم دا

نینۆك بە نینۆكی دەرهێنابووم

هەزاران جار چی پشیلەو سەگ و

بەرازو وورچ ووولاَخ هەیە

بە سەرم پەریبوون

لە ئیسلام و لە گاورو لە مەسیح منداڵم ببوون

لە سەركردەو لە شێخ و ئاغاو

لە سەرۆكی هەموو عەشیرەتێك منداڵیكم هەبوو

چی كوڕو كوریژگەی جحێڵم هەبوون

گوڵیان لە پرچەكانم دابوو

پەنجەكانیان راگوشیبووم

لەسەر سینگم نووستبوون

هەزارەها تابلۆیان بۆ كێشابووم

جۆرەها رەنگیان تێهەڵسووبووم

رەنگی ژیان .. رەنگی هەتاو ..

ڕەنگی مردن .. رەنگی دەریا

ڕەنگی فریشتە .. ڕەنگی سۆزانی

زۆر لە نیگاركێشەكانی ولاَت

بازرگانیان پیَ دەكردم

لە پیشانگەی هەرە گەورەكانیاندا

نمایشیان دەكردم

لەكن زۆریدیان لە ژورێكدا

دەكەوتم كۆلێك خۆڵم لەسەر دەنیشت

***زۆر لە ڕۆماننووسەکان***

***لەنێو گەلێك نوسینەکانیاندا***

***لاپەڕەکانیان پێ نووسیبومەوە***

***لە ئینجیل و قورئانەکاندا لە سەر***

***ڕەفەیەکی بڵند دانرابووم.***